# چەند ئێس ئێم ئێسێك كە لە مۆبایلی
# هاورێییەكی دوعادا بەجێما بوون

بەكر ئەحمەد

25ی حوزەیرانی 2007

مەسیح بەسەر خاچەوە
ئازارەكانی ئێمە دەبا بۆ خوا
دوعا بە بەردەكانیی لەشییەوە, دڵرەقییەكانی ئێمە و خواوەند, لەسەنگ دەدا.

كە ریكۆردەرەكانمان, هەمیشە "ئەی رەقیب"یان لەسەر بێ
ژیان, سەر ناكا بە قوتابخانەدا و ناچێتە ناو خشتەی وانەكانی خوێندنەوە.
كە بەرنامەی تێڤێكانمان بە سروودی مەشخەڵان دەمدەكاتەوە
ئینسانی ناو زومی كامێراكان, هێشتا كەڵ و باز و هەڵۆن.

دوعا بە گۆرانییەكی دڵداری وتبوو:
ڕووتبوونەوە لەژێر لێزمە بارانی بەردا
دەكرێ شەرەف سپی كاتەوە وەكو شیر
لەو ڕۆژەوە, هەرگەلە كچی وڵاتە, لە ناو ئاپۆرەی پیاواندا,
خەریكی خۆڕووتكردنەوەن.

بەرلە دوا سەفەری خۆی
دوعا لە كۆبوونەوەی یەكێتییەكانی ژناندا
كۆرێكی دەربارەی ڕۆمان و وپەرەمێز گرتبوو
بەڵام بەوەی ئەو ڕۆژە كارەبا نەبوو
هیچ كەس تۆماری كۆرەكەی لا نەماوە و
ناشزانرێ
دەكرێ ڕۆمان و پەرەمێز, بابەتی نووسینی ژن بێت.

ڕۆژنامەنووسێك چەند وشەی بۆ دۆعا ئیمەیل كردبوو:

***تکایە, سەرنجتان بنووسن!***

***خۆشەویستی: هەڵەیەك خوا, دەکرێ لەسەری خۆی بکوژێ***

***یان بیکوژێ***

***تەنهایی: دەکرێ ساتی سوڕانەوەی هەزاران چاو بێت لە دەورت.***

***دوعا: دەرگای ماڵی خوا کوتانە بە بێ سەمەر***

***یان جوانترین ناوی دنیا.***